# مرۆ ئاشتیخوازه خۆشەویستەکان

## دوژمنی سەرەکی لەناوخۆی وەڵاتەکانمانە(رۆزا و کارل)

پرۆتێستی جیهانی ئەمرۆ لە دژی جەنگ و دکتاتۆرییەت، پەیوەستی بە ئێمەوە هەیە، ئێمەی قوربانیانی رژێمی فاشیستی و یاریدەرەکانی! ئێمە لەپێشەوە دەڵێن: نەخێر بۆ هەموو جەنگاوەرە خوانەسە نەفرەتلێکراوەکان(بوش، سەددام، بن لادن، شارۆن، مەلاکانی ئێران و جەنەراڵە تورکەکان). خودا نازانێ لە کام بەرە راوەستێ، ئێستا سەری گێژدەخوا!

ئێمە لەسەردەمی جیهانگیری دەژین. ئەمە ووشەیەکی ترە بۆ مرۆفخۆری. سەردارانی جیهان سەرلەنوێ هەوڵدەدەن بە بۆمبا بازارەکانیان لەنێو خۆیان دابەش بکەنەوە. (تەنانەت ئەمریکا شانازی بە"دایکی هەموو بۆمباکان"دەکاو سیستێمی جیهانی نوێ رادەگەیەنێ). ئەم جەنگە لە پێناوی ئێمە و ژیانێکی مرۆیانە نییە. ئا لێرەوە ناکۆکی هەڵویستەکان لە بارەی ئێراق سەرچاوە دەگرێ.

ئێراق بە پلەی یەکەم، بازاڕی ئەلمانیایە، رامبۆ و شەرکەتە فرەرەگەزەکانی ئەمریکا ئەمەیان بە دڵ نییە:

+ملیونان ئۆتۆمبیلی فۆلکس ڤاگن، مان و مرسیدس لە عیراق لێدەخوردرێت. هیچ ئاسەوارێك بۆ پیشەسازی ئۆتۆمبیلی ئەمریکی یا هەر بەرهەمێکی ئەمریکی نییە، یەك پرۆدۆکت نەبێ: وەزیری جەنگی ئەمریکی ئێستا لە ١٩٨٣، چەکی بیولۆگی بە عیراق دا. ئێستا دەبێ ٢٥٠هەزار سەرباز بۆ عیراق بنێرن، تا بە تیرۆر، کوتاڵەکەی خۆی لەناو ببات. —بۆ ئەم ئەرکە بەسەر لاشەی مرۆڤەکان دەڕوات—(لە پاشانیشدا هێرش بۆ ئێرانیش دەبەن).

+ شەرکەتی Theyssen پەیمانێکی مۆرکرد بۆ دامەزراندنی هێڵی ئاسنین.

+چەکی کیمیاوی عیراق و دامودەزگاکانی لەلایەن ئەلمانیاوە بە عیراق دراوەو موخابەراتی ئەلمانی لەم بازرگانییە بەشدار بووە.

+ پرۆژەی١٧٢٣لە لایەن بانقی(درێزدن) بە پوول پشتیوانی لێ کراوە.

+ژێرزەمین و فابریکی بۆمبا لە تاجی لەلایەن شەرکەتی (هوخ تیف و تسوپلین)ەوە درووست کراوە.

+هیلیکۆپتەری ئەلیوت، بی ك١١٧و سیستێمی دیاریکردنی نیشانەکان و پرۆژەی٣٩٥لەلایەن شەرکەتی (ئێم بی بی)یەوە نێردراوە بۆ عیراق.

+چەکی بیولۆگی(پیلزگفت) لەلایەن شەرکەتی (سیگما شیمی)وە بۆ عیراق نێردراوە.

+بۆدیگاردەکانی سەدام لەلایەن گی ئێس گی ٩وە مەشقیانپێکراوە. شەرکەتی ئێم بی بی ، ئیڤاکر و هیرۆ سەوداکارییەکەیان کردووە.

+خوێندنی باڵای لەشکری ئەلمانی لە موینشن و سەنتەری کارل دیوسبۆرگ مەشقیان بە ئەفسەرە عیراقییەکان کردووە.

+شەرکەتی مرسیدس و ئینگیسا هەزاران زرێپۆشی مۆدێلی ئی ئی–٩کازافالو ئی ئی –١٧سۆسۆری بۆ عیراق ناردووە. هەڵبەت ئەم شەرکەتانەش دەستیان لەم تاوانە هەبووە: سیمنز، راینمیتال، گیلدمایستەر، پرۆیساگو سەدان شەرکەتی ئەلمانی تر.

ئەمانە هەمان ئەو شەرکەت و بانقانەن کە هیتلەریان بۆ دەسەڵات هێنا، بۆیە هەموو رێکخراوە فاشیستەکان لە جەنگی کەنداوی یەکەم و ئێستا پشتیوانی لە رژێمی فاشیستی عیراق دەکەن. رۆشنبیرە ئەلمانییەکان لە

نامەگۆڕینەوەکانیان لە گەڵ رۆشنبیرە ئەمریکییە پاتریوتەکانە، هەڵویستی پاتریوتی ئەلمانیان وەرگرت!. رۆژنامەی یونگە ڤێلت بڕوای خۆیان بە پیاوی سی ئای ئەی دەدەن و"درۆکەی هەڵەبجە"بلاو دەکەنەوە(لە ژمارەی رۆژی٢٠٠٣/٢/٦، نووسەر راینە روپ)!. بزووتنەی ئاتاش لە سایتەکەیان ریکلام بۆ"پاراستنی هومانیسی"دەکەن، و مویلەمان و رێکخراوەکەی کۆمەڵەی عەرەبی-ئەلمانی پشتگیری لە"رابەری عەرەب"دەکەن. سایتی چپ ئالای عیراق بلاو دەکەنەوە، گۆرانیبێژێکیان و مەشقپێکەرێکی تۆپێن بۆ هاوکاری لە گەڵ فاشییەت بۆ عیراق دەڕۆن. بۆیە شرۆدە لە دژی ئەمریکا، پشتگیری لە بازەرەکەی دەکا لە رۆژهەلاتی ناوین(عراق) و گوتی: گرنگ نییە سەددام لە دەسەلات لابرێ، گرنگ ئەوەیە چەکە کۆکوژەکانی لەناو ببرێت!

ئەگەر حکومەتی ئەلمانی بەراستی هەوڵ بۆ ئاشتی دەدا، ئەوا:

١/ قوربانیانی گازی کیمیاوی و زیانەکانی ٢٠٠ ٠٠٠هەزار ئەنفالکراو قەرەبوو بکەن و ئەهوارەکانی باشوور لە چەکە کیمیاوییەکانیان پاك بکەنەوە. سبەی لە کاتژمێری ١١و ١٥دەقە، یادی ١٥ساڵەی تاوانی جینۆسایدە دژی مرۆڤایەتی لە شاری هەڵەبجە. دەبی رۆژی٣/١٦بە رۆژی تاوان دژی مرۆڤایەتی بناسرێت.

٢/ بازرگانەکانی چەکی کیمیاوی بە قورسی سزا بدرێن.

٣/ ناساندنی ئۆپۆزیتسیونی عیراق و پەیڕوکردنی بڕیاری٦٨٨.

٤/ مەحکومکردنی دەستێوەردانی تورکیا لە کوردستانی/عیراق.

٥/ هیچ شێوە دەستێوەردانێك لە دەرەوەی ئەلمانیا نەکەن و هێزی دەستێوەردانی خێرا راگرن.

٦/ پاراستنی مەدەنیانە لەدژی بەکارهێنانی کیمیاوی دژی کوردان ئەنجام بدەن. ناردنی ماسکەی دژە گازی کیمیاوی.

٧/ دانپێنان بە مافی پەنابەری عیراقی و نەهێشتنی هەموو جۆرێکی مامەڵەی نامرۆیانە لە دژیاندا.

٨/ ئاشکراکردنی هەموو دیکومەنتە نهێنییەکانی کۆمپلێکسی عیراق-ئەلمانیا.

پێشنیاری ئێمە بۆ دانیشتوانی گوێتنگن ئەمەیە:

پێکەوە لە دژی شەرکەتی تسایز و ئەلکان پرۆتێست بکەین. تسایز بەشداری کردووە لە پرۆژەی سەعەد١٦ و ئەلکان بە گەرمییەوە بۆمبای بۆ عیراق ناردووە.

دەستدرێژی ئەمریکا لە دژی گەلان راگرن!

ئاشتی، ئاشتی و جارێکی دیکە ئاشتی بۆ گەلان!

دوژمنی سەرەکی لەناو وەلاتەکانمانە

٢٠٠٣/٣/٢٠

گوێتنگن و هایدلبێرگ

تێبینی: ئەم ووتارە بۆ خۆپیشاندەران لە دژی جەنگ شاری گوێتنگن خوێندرایەوە